عەباس شوان- فینلاند

# قەڵەمی من جەنگی ناوخۆی هەڵگیرسان!



هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ هاوڕێیەکم بەمیسنگەر لەکوردستانەوە چاتمان دەکرد، تووشی شۆک بووم کاتێ بۆی نووسیم کە لەگۆڤاری لڤین بابەتێک بڵاوبۆتەوە لەسەر ئەو نووسەرانەی لەجەنگی ناوخۆدا بەشداریان کردووە و ناوی منیش هاتووە! لەتۆڕی ئەنتەرنێتدا بەتایبەتی ماڵپەڕە کوردییەکان گەڕام، دوو ژمارەی کۆنی سەرچاوەکەم دۆزییەوە و بەوهۆیەوە نامەیەکم بەپۆستی ئەلکترۆنی بۆ ناردن و داوام لێکردن، کە بەزووترین کات وەک ژمارەکانی دی بیخەنە سەر تۆڕ. سەرەتا ڕۆژی 06.5.21 وەک سەبقێکی سوحەفی ماڵپەڕی کوردستاننێت بڵاویکردووە، ڕۆژی دواتر ماڵپەڕی دەنگەکان سەرجەم بابەتەکانی ژمارەکە بڵاوکرایەوە.

لەژمارە چلی گۆڤاری لڤین، لەیادی هەڵگیرسانی شەری ناوخۆی باشووری کوردستان، لەچوار لاپەرەدا بابەتێک بەمەبەستی جەنجاڵ خولقاندن لەسەر وەزنی فیلدارەکان، بەناونیشانی فایلی قەڵەمەکانی شەری ناوخۆ، بەکورتە پێشەکییەکەوە و ناوی 222 کەسایەتی سیاسی، نووسەر، ڕۆژنامەنووس،...بڵاوکردۆتەوە.

هەروەک لەپێشەکییەکەدا هاتووە، گوایە ئەو کارە بەرئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستییە (خۆ دەڵێن مەلایش عیلمی هەیە! بەڵام کەسێکی ئەکادیمی نییە) لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (فازل عومەر ڕەشید)ەوە، لەیەکێ لەزانکۆ فەلاکانی(سەلاحەدین - هەولێر) کوردستاندا! زۆر نازانستیانە سەلماندوویەتی لە 91% ی ڕۆشنبیران ڕۆڵی نێگەتیڤانەیان بینیوە.
دەست بردن بۆ کارێکی وا بەپلەی یەکەم بۆ ئەوەیە کە نەدەبوایە نووسەران تیورەزەکەر و شەرعیەت پێدەری جەنگەکە بن، گوایە نابێت پێنووسەکان کوڕی سەردەمی خۆیان و بێهەڵە بن!




بیانوویەکی دی ئەوەیە دەبێت بۆ مێژوو دەستی نووسەران کەشف بکرێت ئەوەیش بەخاتری نەوەی نوێ!

هەر چەند لێی ورد بیتەوە دەردەکەوێت، بابەتەکە بەنەفەسێکی توند و نابینایانە ئامادەکراوە. تەڕو وشکی پێکەوە سووتاندووە، ئاخر ئەوە دەست خستنە سەر خاڵە هەستیارەکانە یان شێواندنی ڕاستییەکانە! گومانێکیش دروست دەکات لەوەی زۆربەی ناوەکان سەر بەدەقەری ژێر کۆنترۆڵی

عەباس شوان- فینلاند

یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، گەر ئەوە فێڵ و چاوبەست نەبێت.
لەو بڕوایەدام ئەو کارە بەفیتی سیاسییە فایلدارەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجام دراوە، بۆ ئەوەی بڵێن ئەها خەڵکینە هەر ئێمە تاوانبار نیین نووسەرانیش لەئێمە کەمتریان نەکردووە، بەتایبەتی ئەم کارە لەگۆڤارێکەوە دەردەچێت بۆ خۆیان مەشبوهن، لەبازنەی ئەو حیزبەدا دەسووڕێتەوە!

*چەند بێویژدانییەکی گەورەیە کەسێکی وەک من بەسوسەیش ڕۆژێک لەرۆژان تاقە دێرێکم بۆ بەرژەوەندی جەنگی ناوخۆ نەنووسیوە، بەڵکوو لەسەنگەری دژایەتی و بەرەی ئۆپۆزسیۆن تەنانەت بۆ خۆم وەک خاوەن گۆڤارێک جەمسەر و قوتبێک بووم و خۆم بینیوەتەوە و کارم کردووە، لەو پێناوەدا تووشی هەزاران چەرمەسەری بووم، کەچی ئێستا کەسێک و گۆڤارێک دێت بەسەرەقەلەمێک ناوونێوبانگمان لەکەدار دەکات!*

ئاخر ئەوە لەپێناو چیدا؟ هەر ئێستا بۆ سەلماندن و ڕاستودروستی قسەکانم و بۆ ڕای گشتی هاوکات بۆ بەدرۆخستنەوەی گۆڤار، کەسێک بیەوێت بەدوای نووسینەکانی ئەو سەردەمەمدا بگەڕێت لەماڵپەرەکەمدا زۆر بەئاسانی دەستی دەکەوێت، بەم ناونیشانە :
http://koti.phnet.fi/abasshwa
ئاخر ئەو غەشە بەسەر کێدا تێدەپەڕێت، زۆرن ئەوانەی ڕاستەوخۆ لەدامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی خودی هەڵگیرسێنەری هەردووحیزبە سەرەکییەکەی جەنگی ناوخۆ بەشدار بوون و ناویان نەهاتووە!!
06.5.23
--------

http://kurdistannet.biz/2006/5-2006/21-5/failiqelemekani.pdf

http://www.dengekan.com/doc/2006/5/lvin40_22.htm